# له پشتی سیناریۆکانی
# (ڕەشەی پۆلیس ەوە

سامان ئەحمەد

سەرەتای کانونی دووەمی ٢٠٠٣

# لە پشــتی سیناریۆکانی ڕەشەی پۆلیسە وە

## لە جیاتی پێشەکی :

درامای ( ڕەشەی پۆلیس ) لە سیناریۆ و دەرهێنانی ( حسێن میسری ) لە مانگی 11 و 12 / 2002 دا لە ( 30 )ئەلقەی شەوانەدا لە تەلەفزیۆنی کوردسات و خاکەوە پێکەش کرا . بێگومان ئەم بەرهەمە گەورەترین بەرهەمی هونەری ئێستای کوردستانی عێراقە ووزە و توانایەکی هونەری گەورەی تیا بە خەرج دراوە . ئەم بەرهەمە هەندێك مەسەلەی حەساسی سیاسی ـ کۆمەلایەتی لە ناوەخنی دا لە خۆ گرتووە و دید و بۆچوون و هەلوێستی دەرهێنەری تیادا بەرجەستە بووەتەوە و وەلامیان پێ دراوەتەوە . هەربۆیە بە پێویستم زانی لەم بارەیەوە ئەم باسە ئامادەبکەم وەکو کۆمۆنیستێك تێبینی لەسەر هەندێك لایەنی بدەم . ئەگەر کەسێك بیەوێت قسە لەسەر تەواوی لایەنەکان و تەنانەت سیناریۆ وحوارەکان بکات ئەوا باسێکی فراوانتری دەوێت و باشتریش وایە کارێکی لەو چەشنە ڕووبەڕوو لە پانێلێکدا لەگەل دەرهێنەردا بکرێت . من ئەم باسە کورتە لە ئێستادا بە کافی دەزانم و هیوادارم جەدەلێك بخولقێنێ .

لە ڕاستی دا لێکدانەوە و هەلسەنگاندنی لایەنە هونەریەکانی ئەم بەرهەمە بابەتی باسەکەی من نین . دەکرێ لەم بارەوە کەسانی پسپۆر و شارەزا لایەنە ئیجابی و سلبی یەکانی دیاری بکەن و داوەری لەسەر بکەن , بەلام پێم خۆش بوو ئەوە بلێم کە هەندێ لەو هونەرمەندانەی لە نواندنی ئەم بەرهەمەدا بەشدار بوون توانا و بەهرەیەکی گەورەی نواندنیان هەبوو بە تایبەتی ( حاجی ئەکرەم , دکتۆر , هەلۆ , عوسمان , عەزیز , ڕۆستەم , چیا ) .

## ڕەشــەی پۆلیس دەیەوێت چ پەیامێك بگەیەنێت ؟

ئەوەی بەلای منەوە گرنگە لەم باسەدا مەبەستە فکری و سیاسی یەکانی دەرهێنەرە , دەرهێنەر چۆن بیر دەکاتەوە ؟ دەیەوێت لە ڕێی ئەو کێشە واقعیانەوە چ مەسەلەیەك نیشان بدات ؟ دەیەوێت لە ڕێی ئەم کارە هونەری یەوە چی بە خەلك بلێت و چی فێری خەلك بکات ؟ .

هەرچەندە لێك گرێدانی ڕووداوەکان و سیناریۆ جیاوازەکانی ئەم بەرهەمە بەئاستێك ناتەبایە ئینسان هەست بە زەروورەتی پێکەوە گرێدانی ئەو ڕووداوو سیناریۆ جیاوازانە ناکات , بۆ نموونە کاتێك بینەر بە شوێن کێشەی چیا یان چرۆ وەیە لە پڕ دەرهێنەر زەینی دەبات بۆ پێنجوێن , یان کاتێك بینەر تێکەلی ئەندێشە و عەشقی دکتۆر و چرۆ دەبێت و دەیەوێت بزانێت ئەم دوو کەسە چی بکەن باشە ؟ لە پڕ دەرهێنەر زەینی دەبات بۆ لای ژنە کۆنەکەی ئازاد و مەکینە خەیاتی یەکەی.. ! ئەم ناتەبایی یە ئەو ئیحساسە لای بینەر دروست دەکات کە دەرهێنەر دەیەوێت لە چارەسەری ئەو کێشە و مەسائیلانە ڕابکات , بەلام واقع ئەوەیە کە دەرهێنەر مەبەستێکی فکری و سیاسی هەیە و دەیەوێت کەلك لەم سیناریۆ و ڕووداوانە وەربگرێت و بیکاتە سەکۆی نیاز و مەبەستی خۆی و چارەسەری ئەو کێشە ئەسلی یەی کە خۆی مەبەستی یەتی , بۆی گرنگ نی یە وەلامیان پێ بداتەوە و چارەسەریان بکات و تەسلیم بە زهن و عەقلیەتی زالی کۆمەلگای دەکات . من دواتر دێمە سەر ئەم مەسەلەیە .

لەم بەرهەمەدا چەند مەسەلەیەکی سیاسی ـ کۆمەلایەتی ب بەرجەستە بووە , دەرهێنەر لە زەینی خۆیدا بۆ چارەسەری ئەم مەسەلانە چەند مەقولەیەکی ئەسلی و تەرازوویەکی دادوەری کردنی داناوە و بە پێی ڕێبازی فکری و بەرژەوەندیەکی سیاسی تای ئەم تەرازووەی بە لایەکدا خستووە .

هەرچەندە لە شکل دا وا دەردەکەوێت کە ئەم بەرهەمە ڕیوایەتی خۆشەویستی و چەوسانەوەی ناو خێزان و .. هتد بێت , بەلام لە ناوەڕۆکدا باسی ئەم درامایە خۆشەویستی و چەوسانەوەی خێزان و شوێنی کار نی یە . هاوکێشە و مەبەستی

ئەسلی دەرهێنەر مەسەلەیەکی ترە لە ڕێگەی ئەم ڕیوایەتانەوە ( سیناریۆیانە ) وە دەستی بۆ دەبات ئەویش تەقدیس کردنی ڕەمزی دەسەلات و حکومەتەکەیەتی کەلە شەخسیەتی *پۆلیس * دا بەرجەستەی کردووەتەوە لە لایەکی تریشەوە بێ بەها کردنی شەخسیەت و جێ و شوێنی ئەو کەسانەی ژیانی ژێر سایەی دەسەڵات و حکومەتەکەی ئەویان بە جێ هێشتووە و چوون بۆ خارج . ئەمە مەسەلەی ئەسلی ئەم درامایەیە . لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەرهێنەر بە شوێن ئەم نیاز و مەبەستە فکری و سیاسی یەوەیە . دەرهێنەر لە درز و کەلێنی کێشە و ڕووداوەکانی دراماکەوە و لە زمانی پالەوانەکانی خۆیەوە ڕێبازیفکری و هالوێستی سیاسی خۆی نیشان دەدات و دەچەسپێنێت و دەیەوێت بیکات بە عەقلی هەموو خەلك . تەنانەت بۆ ئەوەی ئاسانتر و ڕۆشنتر ئەم کارە ئەنجام بدات سەرنجی بینەر بەلای نیازی کارەکەی خۆیدا ڕابکێشێت خێزانێکی بە لەقەب و بە پیشە لە پۆلیس دروست کردووە کە بریتین لە ڕەشەی پۆلیس , هیوای پۆلیسی مرور , ئاشتی پۆلیسی ئاگر کوژێنەوە . ئەم خێزانە وەکو خێزانێکی نموونەیی هوشیار و خاوەن هەق و هەژار ... هتد نیشان داوە لەو لاشەوە ڕۆستەمی کۆنە شیوعی خاوەن عەقل و فکر و داکۆکی کەر لەم پۆلیسانە وەکو پالەوانی خۆی خستووەتە کارەوە . بە قسە و باس و هەنگاوەکانی ڕۆستەم دا ڕێبازی فکری ـ سیاسی دەرهێنەر ڕۆشن دەبێتەوە , ڕۆستەمێك کە بە قسەی خۆی * دوور لە ئێستا شیوعی بووە * و شەرەف بەوە دەزانێت کە خیانەت لە نیشتمان نەکەیت و ڕێگای هاوکاری کردنی نهێنی پۆلیس و دەرگای مەکتەبی مافی مرۆڤی ( ی . ن . ك ) نیشانی خەلك دەدات , ئیتر لە ڕێگای ئەم پالەوانەی دەرهێنەرەوە نیاز و مەبەستی دەرهێنەر لەم درامایەدا ڕۆشنە کە بە دید و بەرژەوەندی دەسەڵات بیر دەکاتەوە .

## عەشق لە ڕەشەی پۆلیس دا .

لە ڕیوایەتی خۆشەویستی هیوای پۆلیس و چیای حاجی ئەکرەم دا بە قسەکانی خۆیان و دۆستەکانیان دا شکلێك لە ڕادیکالیزم و ئینسان دۆستی نیشان دەدەن کە لای بینەر وا چاوەڕوانی لێ دەکرێت هیواو ئومێدێکیبەخشێت , هەموو ( هیوا و چیا ) کان و بینەران بە ئومێدی ئەوەن دەرهێنەر دەروازەیەك بۆ عەشق و خۆشەویستی ئازاد لە کۆمەلگادا نیشانی ئەوان بدات , بەڵام وورده وورده لەگەل ڕەوتی ڕووداوەکاندا ئەم ئومێدە ی بینەران دەڕەوێتەوە و نیاز و مەبەستی ئەسلی دەرهێنەر ڕۆشن دەبێتەوە کە ئەم شەڕەی ڕۆستەم و ڕەشەی پۆلیس هەلیان گیرساندووە شەڕی عەشق و خۆشەویستی نی یە , بەلکو شەڕی داسەپاندنی کەسایەتی (پۆلیس )ە کە بەرگی هەژاری و خۆشەویستی بە بەردا دووراوە و لە کەسایەتی هیوا دا بەرجەستە کراوە . بۆ دەرهێنەر هیوا وەکو ئینسانێك لاوێکی هەژار و عاشق جێ و ڕێیەکی نی یە , ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە دەبێت هیوا ( پۆلیس ) بێت , لە کۆتایی دا ئەم مەبەستەی دەرهێنەر بە ڕۆشنی دەردەکەوێت ( کاتێ هیوا بە جلی پۆلیسی یەوە ئاهەنگی زەواج دەکات و ڕەشەی پۆلیس وێنەی چیا و هیوای پۆلیس بە جلی پۆلیسی یەوە چیا دەنێرێت بۆ حاجی ئەکرەم ) , بەڵام لای بینەر تەنها عەشق و خۆشەویستی ئەم دوو ئینسانە بەهایەکی ئینسانی هەیە , سەرەڕای سەرحالی و خۆشی بینەر بە زەواجی ئەم دوو کەسە بەڵام کاتێ بینەر مەبەست و ئامانجی ڕۆستەم و ڕەشەی پۆلیس تێ دەگات هەست بە نائومێدی و بێ وەڵامی دەکات کە نە ڕۆستەمی هوشیار و زیرەك نە ڕەشەی پۆلیسی هەژار خەبەرێکیان لە ئەندێشەی عەشقی دکتۆری شاگرد و چرۆ نی یە . ئەوان نیاز و ئامانجی خۆیان کە سەرکەوتنی هیوای پۆلیس بوو بە دەست هێنا و ئەو فەزل فرۆشی ئازادیخوازی و ئینسان دۆستی یەی لە سەرەتاوە نیشانیان دەدا شتێکی بۆ دکتۆر و چرۆ نەکرد و سەلماندیان کە ئەوان نوێنەرایەتی عەشق و خۆشەویستی ناکەن , ئەوەتا لە گەرمەی سەرکەوتنی ئەواندا دکتۆری داماو لە گۆشەی تەنیایی و بێ ئومێدی دا هەروەکو جاران هەموو هەست و عەشقی خۆی دەکاتە دیاری یەکی بێ گیان و دەیدات بە چرۆ .

عەشق لەم درامایەدا زیندوو نی یە . ئامانجێك نی یە . بە لكو وەسیلەیەكە بۆ سەپاندنی كەسایەتی هیوای پۆلیس . كاتێ بینەر هیوای پۆلیسی سەركەوتوو و دكتۆری بێ ئومێد دەبینێت ئەنجا نیاز و مەبەستی دەرهێنەری بۆ ڕۆشن دەبێتەوە كە خاوەنی دەنگی عەشق نی یە و پەیام و ئاسۆیەكی بۆ ئەم مەسەلە ئینسانی یە پێ نی یە . بەلكو دەیەوێت بەهەر شێوەو ڕێگایەك بووە هیوای پۆلیس بە سەركەوتن بگەیەنێت و كەسایەتی ئەو وەكو پۆلیس بسەپێنێت ! لە ڕاستیدا نەك هەر دەنگی عەشقی پێ نی یە بەلكو هیوا وەكو ئینسانێك بۆ دەرهێنەر گرنگ نی یە بە عەشقی خۆی دەگات یان نا , بەلكو گرنگ ئەوەیە هیوا بە پۆلیسی عەشق و زەواج بكات ململانێ كە بباتەوە چونكە پۆلیس ڕەمز و پارێزەری دەسەلات و حكومەتەكەی دەرهێنەرە . دەرهێنەر بۆ ئەوەی دیفاع لە دەسەلات بكات دەیەوێت هەیبەت بدات بە پۆلیس و لە جێو ڕێیەكی قایمی كۆمەلایەتی دا بیسەپێنێت .

بەهەرحال دەرهێنەر لەوەدا ئازادە كە هونەرەكەی لە خزمەت چ بزووتنەوە و دەسەلاتێكدا دەخاتە كار بەلام لەم كارەی دا زولێكی گەورەی كردووە و هیچی لە زولمەكەی حاجی ئەكرەم كەمتر نی یە . ئەوان ( ڕەشەی پۆلیس و ڕۆستەم ) كە گوایە نوێنەرایەتی هەق و ئینساندۆستی دەكەن ئامادە نەبوون بچنە سەنگەری عەشقێكەوە كە خاوەنەكەی پۆلیس نەبێت , ئەوان خۆیان بە ڕەمزی هەق دەزانی و لە شەهامەت مەغرور بووبوون حسابیان بۆ حاجی ئەكرەم نەكرد و لە مەحكەمە ڕەسمیەتیان بە زەواجی هیوا و چیا دا بەلام بۆچی چرۆ و دكتۆریان نەبرد بۆچی ڕێگایەكی تری لەم جۆرەیان بۆ نەكردنەوە . ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت كە توندبوونی ڕەشەی پۆلیس بەوەی هیوا و چیا دەباتە دادگا و لەوێ عقدی زەواجیان بۆ دەردەهێنێ لە ئازادیخوازی و ئینسان دۆستی یەوە نەبووە بەلكو لەو نیازەی دەرهێنەرەوەیە كە شەهامەت و هەیبەت بە ڕەشەی پۆلیس و كوڕە پۆلیسەكانی بدات دەنا ئەگەر ئەوە ڕێگا چارە بووایە خۆ دكتۆر و چرۆش ئینسان بوون و لە پەنا دەستی ئەواندا بوون .

هاوكات سەبارەت بە ڕیوایەتی عەشقی دراماكە ئەو پرسیارە لە دەرهنەر دەكەم , ئەو عاشقانەی ئامۆزای یەكر نین چی بكەن ؟ چیا لە مالی باوكی ڕایكرد لەبەرئەوەی خۆشەویستەكەی ئامۆزای بوو دەیووت : من لە مالی مامی خۆمم لە مالی غەریبە نیم , هەروەها ڕەشەی پۆلیس و ڕۆستەم و دایكی چیا .. لایەنگری ئەم هەلاتنەی چیا و ئەو جۆرە زەواجەی چیا بوون لەبەرئەوەی چووە بۆ مالی مامی خۆی و دەزگیرانەكەی كوڕی مامی خۆیەتی !! ئەی ئەگەر كوڕی مامی نەبووایە ؟ چیای داماو چی بكردایە ؟ هەروەكو چۆن چرۆ ئامۆزای دكتۆر نەبوو لە بێ ئومێدی دا مایەوە . كەواتە چرۆ و هەموو ئەو ئافرەتە دل پڕ لە عەشقانەی كە خۆشەویستەكانیان ئامۆزایان نین بە دەستی دەرهێنەر بە دەردی چرۆ دەچن . ئەگەر هەلبێن ڕەشەی پۆلیس و ڕۆستەم پێیان دەلێن : لە مالی غەریبەیە .. عەیبەیە !! ئەو ئافرەتانەی كەپشت و پەنای وەكو مالی ڕەشەی پۆلیسیان نییە و ناوێرن هەلبێن و ڕوو بكەنە دادگا و لەگەل خۆشەویستەكانیان زەواج بكەن چی بكەن ؟ ئەگەر بە عەقلی دەرهێنەر بكەن واز لە خۆشەویستەكانیان بهێنن و لەگەل پۆلیسێك و كوڕی مالە پۆلیسێكدا خۆشەویستی و زەواج بكەن دەنا بە دەردی چرۆ دەچن و دەبێ دیاری بێ گیان كۆبكەنەوە . هاوكات دەرهێنەر لە بەرامبەر ئەم بێ مافی یەی ژنان دا نایەوێت دەسەلات و قانون بەرپرسیار بكات و دەنگ لە بەرامبەر كۆنەپەرستی و بێ مافی ژنان دا هەلبڕێت و چرۆ بكاتە پالەوانێكی تر . هەروەكو ئەوەی لە ناوەندێكی دەسەلاتەوە ڕاسپێردرابێت كە كارێكیان بۆ بكات بێ ئەوەی پریشكیان بەر بكەوێت دەنا خەلاتەكەی دەدۆڕێنێت .

بە كورتی ناوەڕۆكی ڕیوایەتی عەشقی ئەم درامایە بۆ مەبەستێكی سیاسی دیاری كراوە , بۆ قورس كردنی تای تەرازووە بە لای دەسەلات و هەیبەت و ڕەمزەكانی دەسەلات دا . بە مەبەستی بە بەها كردنی ڕموزەكانی دەسەلات .

وەزعی سەبری ژنی حاجی ئەكرەم و كچەكانی دیمەنێكی چەوسانەوە و ژێردەستەیی ژنە لە كوردستان دا . بەلام حكمەت لەوەدا نی یە كە ئەو وەزعیەتە نیشان بدرێت , ئەوە مەسەلەیەك نی یە كە لێكدانەوەی پێویست بێت , بەلام قسە لەسەر ئەوەیە كە چەوسانەوە هەیە كاردانەوەش هەیە . ئایا دەرهێنەر ئەتوانێ پێمان بلێت كە هەر ئەو كاردانەوەیەی ئەمڕۆ لە

کۆمەڵگادا هەیە بۆچی فەرامۆشی کردووە ؟ ئەگەر ئەوە کاردانەوە بێت کە چیا کردی و هەڵهات بۆ ماڵی مامی , ئەی چیا کانی تر بۆ کوێ هەڵدێن ؟ دیسان بۆ ماڵی مامەکانیان ؟ دیسان ئەوە پرسیارە : ئەگەر چیا حەزی لە کوڕی مامەکەی نەبووایە چی دەکرد و بۆ کوێ دەچوو ؟ ئەی مەگەر هەر لەم کوردستانەدا نارەزایەتی و خەباتی ژنان لە ئارادا نی یە ؟ مەگەر چەند ساڵی ڕابردوو ئەم کۆمەڵگایە شاهیدی چەندین کێشمەکێشی جدی نەبووە لەسەر مافە سەرەتایی یە کانی ژنان ؟ ئەی ئەوە خەباتی بزووتنەوەی ژنان نەبوو دەسەڵاتدارانی لە سلێمانی و هەولێر ناچار کرد دەستکاری یاساکانی ئەحوال شەخسی بکەن ؟ ئەمە ڕاستی یەکی ئەم کۆمەڵگایەیە و دەرهێنەر ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات و بیشارێتەوە , بەڵام ئەو هەوڵێکی بێ هودەی داوە لەم پێناوەدا هەروەکو چۆن لە پێناو پیرۆزکردنی دەسەڵاتی حزبەکان و بزووتنەوەکەیدا داویەتی
.

## کێشەی ئازادی خارج

لە دادوەری یەکەی دەرهێنەردا لە بەرامبەر شەخسیەتی هیوای پۆلیس دا شەخسیەتی ئازادی خارجی بە ڕەزیلی هێناوەتە ناو دراماکەوە و لە پارسەنگی یەکی نابەرابەردا ڕایگرتوون . دەرهێنەر چ کارێکی بەم کارەکتەرە و سیناریۆیە هەیە ؟ لە کاتێکا زەروورەتی لە دراماکەدا نی یە و دەرهێنەر بە ئەنقەست و بە شێوەیەکی دەستکرد بە تاڵە دەزوویەکی باریك ( ئازادی خارج ڕەفیقی ئاواتی پۆلیس بووە ) تێکەڵ بە دراماکەی کردووە . تەنانەت پێش ئەوەی کێشەی ئازادی خارج دەربکەوێت و پێش ئەوەش کە ئازاد بچێت بۆ خارج کەسایەتی ئازادی بە شێوەیەکی سووك و ڕەزیلانە ناساند .
هەر لە سەرەتاوە دەرهێنەر دید و بۆچوونی بە کەم گرتنی ئەوانەی لە خارجن لە زمانی ئاشتی پۆلیس و هاوڕێکەیەوە دەدات بە گوێ ی بینەردا , بە مجۆرە بە دەلیلی خارج شەخسیەتی ئازادی شکاندووە وەکو کائنێکی بێ بەها قەبڵاندوویەتی.
پاشان بۆ سەپاندنی ئەم تێڕوانینە فکری و سیاسی یە کۆنە پەرستانەیە کێشەیەکی ئەخلاقی بۆ ئازاد دەخولقێنێ و هێرشی دەکاتە سەر .
کێشە و تاوانی ئازاد لەو درامایەدا جیابوونەوە بوو لە هاوسەرەکەی , لە جیاتی ئەوەی دەرهێنەر تێڕوانین و چارەسەرێکی مەدەنی و ئینسانی بخاتە بەردەمیان ژنەکەی ئازاد یاخی دەکات و لە بەرامبەر ئازاددا ڕای دەگرێت و بەشی ئەوەشی تیا ناهێڵێتەوە کە لانی کەم ئەو دوو منداڵە هاوکات منداڵی ئازادیشن و ئەگەر ئازاد دایکی ئەو منداڵانەشی ناوێت یان لەگەڵی ناگونجێت ( یان بە قەولی ئاشتی بێ عەقلیشی کردبێت ) ەڵام خۆ باوکی ئەو منداڵانەیە , دەرهێنەر لەبەرامبەر جیابوونەوەدا مافی باوکایەتی لێ زەوت کردووە . لە کاتێکا پێکەوە ژیان و جیابوونەوە مافێکی سادە و کارێکی تایبەتی و ئازادانەی ئەو دوو کەسەیە گرنگ ئەوەیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بە شێوەیەکی ئینسانی لەگەڵ یەکتر هەڵس و کەوت بکەن , دەبوایە دەرهێنەر بەپێ ی ئیدیعای پاڵەوانەکانی ئەمەی بە ئەسل وەربگرتایە . بەڵام جیابوونەوە لای ئەو پاڵەوانە ئینسان دۆست و خاوەن هەقانەی دەرهێنەر هەڵە و خەتایەکی ئەخلاقی و کەلتوری .. هتد ە . بەم هەڵوێستە نەك هەر لە پێش خەلکەوە نین بەڵکو کەلك لە دوواکەوتووترین بیر و باوەڕی ناو کۆمەڵگا وەردەگرێت بۆ دژایەتی کەسایەتی ئەوانەی لە خارجن . سەرەڕای ئەوەی هاوسەری کردن و جیابوونەوە کاری تایبەتی هەر ئینسانێکە لە خارج بێت یان لە کوردستان پاشان بێ پەرەنسیپی و خەتایەکی گەورەیە بۆ مەبەستێکی فکری و سیاسی ڕەخنەی ئەخلاقی و نوکی ڕمی ئەفکاری ڕزیوی کۆمەڵگا لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا تیژ بکەیتەوە کە لە خارجن . هەروەها بەم کارە زوڵمێکی گەورە نەك تەنها لە ئازادی خارج بەڵکو هاوسەرەکەی ئازادیش دەکات بەوەی کە ژنەکەی ئازاد دەخاتە ملمڵانێ یەکی بێ پایەوە هێندەی تر ناڕەحەتی دەکات بەوەی کە مێردەکەی ( ئازاد ) ڕیسوا بکات ئیتر هەموو ژیانی ئەوە بێت کە منالەکانی بەخێو بکات لە هەمووی سەیرتر لەم ملمڵانێ یەدا ئاشتی پۆلیس هاوکار و لەپشتی ڕاوەستاوە !! ئایا ئەم ئافرەتە مافی ئەوەی نی یە ئەویش بە دڵی خۆی خۆشەویست و هاوسەر بۆ خۆی بدۆزێتەوە و ژیانێکی نوێ دروست بکات ؟ بەڵام سەربەرزی ئەم ئافرەتە لە لای دەرهێنەر لەوەدایە کە تەنها بە دیار منداڵەکانیەوە دابنیشێ , بە مجۆرە هاوسەرەکەی ئازادی بەستوەتەوە

, تەنانەت  ئەو فرشتانەی هاوکاری دەکەن ( پۆلیسەکانی دەرهێنەر ) و مەکینەی بۆ دەکرن  وەکو خوشکی خۆیان سەیری دەکەن  , ئایا ئەگەر کەسێکیان پەیوەندی خۆشەویستی لەگەل دروست بکات و ببێتە هاوسەری  نارەوایە ؟ حکمەتی ئەوە لە چی دایە کە وەکو خوشکی خۆیان سەیری دەکەن ؟ ئایا بەمجۆرە شەرەفمەندی دەکرێت بە یەخەی پۆلیس دا ؟ ئەگەر ئەو ئافرەتە دوای جیابوونەوەی لە ئازاد  خۆشەویستی یان هاوسەری بکردایە  ناشەریفی یەکەی لە چی دابوو ؟

دوای هەموو ئەمانە پرسیارێك دێتە پێشەوە  ,  مەبەستی دەرهێنەر لە ڕیوایەتی  ئازادی خارج  چی یە ؟ لە ڕیوایەتی ئازادی خارج دا لێکدانەوە و بیرکردنەوەی دەرهێنەرمان لەسەر دیاردەی چوون بۆ خارج بۆ ڕۆشن دەبێتەوە , بەڵام بۆچی دەرهێنەر  بۆچی ئەم مەسەلەیە و ئەم لێکدانەوە و بیرکردنەوەیەی تێکەل بە درامای ڕەشەی پۆلیس کردووە ؟

دەرهێنەر دەیەوێت  پارسەنگی بەها کۆمەلایەتی یەکان بە  پێی مەبەست و بەرژەوەندی سیاسی بزووتنەوەکەی خۆی لەم درامایەدا کۆبکاتەوە . پۆلیسێك کە ڕەمزی باڵادەستی و دەسەلاتی حزبەکانی دەرهێنەرە بە گەورەیی و بەرز و بە هەیبەت نیشان بدات لێرەوە ئەو دەسەلاتە تەقدیس بکات بەسەر کۆمەلگادا  بەوەی کە بەشوێن چارەسەر کردنی کێشەی خەلکەوەن , کەسێکیش کە چووە بۆ خارج بێ بەها و نزم نسشان بدات لە کاتێکا زۆرینەی ئەوانەی لە خارجن لە دەست سیاسەت و کارکردی ئەو دەسەڵاتە و بێ مافی و بێکاری و بێگوزەرانی و نا ئەمنی و نادیاری ژیان و چارەنووسی هەڵاتووە و چووە بۆ خارج , چوون بۆ خارج  دیاردەیەکی کۆمەلایەتی گەورەیە بۆ خۆی کۆچ و ڕەوێکی تری خەلکە بۆ ژیان و چارەنووسێکی ئارام و ئینسانی . من لێرەدا  بە زەرووری نازانم بێمە سەر باسی ئەم دیاردەیە .

ڕیوایەتی ئازادی خارج بە مەبەستی شەڕێکە و دەرهێنەر لێرەدا ئەم شەڕە بە ئاشتی پۆلیس دەکات . لەم شەڕەدا ئاشتی و ئازاد ئەو دوو شەخسیەتەن کە لە تای تەرازووی فکری دەرهێنەردان .   ئازاد کەێکی هەڵاتووی بێ ئەرزش و خۆپەرستە ئاشتیش ڕەمزی وەفا و دەسەلاتی کوردایەتی یە , دەسەلاتێك کە هۆکاری ئەسلی کێشەکانی خەلکە بە کۆچی خەلکیشەوە بۆ خارج. چەندە نائینسانی و بێ ئینسافە ئەم بیرکردنەوەیە  !!

دەرهێنەر بۆ تەقدیس کردنی ئەم ڕەمزانەی دەسەلات  سیناریۆی مەشساتی پێکەوە ژیانی  مەجید و برا ژنەکەی بەرز دەنرخێنێت . جگە لەوەی ئەو جۆرە پێکەوە ژیانە بۆ خۆی تراژیدیایەکی پڕ ئەندێشەیە  بەڵام لە جیاتی ئەوەی کۆتایی بەم ئەندێشەیە بهێنێت  تەقدیسی دەکات و شانازی پێوە دەکات  , لە لایەکی تریشەوە  لە کوردستاندا هەیە  دەسەلاتی خەلك بێت  خواست و ئارەزووەکانی ئەو دەیان و سەدان هەزار ئینسانەی بەدی هێنابێت کە بوونە سووتەمەنی سیاسەت و شەڕی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی

لە کۆتایی دا

ئەگەر  هونەرێك دەیەوێت تەنها ڕەنگداوەی واقعیەتی کۆمەل بێت  لانی کەم دەبێت ڕاستی یەکان وەکو خۆی نیشان بدات ئەنجا ڕەخنەی خۆشی بلێ  ئەگەر هونەرێك دەیەوێت دەنگی عەشق بێت و دیفاع لە ئازادی عەشق بکات  دەبێت  پێش هەموو شتێك بەرگری لە ئازادی عەشق بکات و شەڕی کۆنەپەرستی سیاسی و قانوونی بکات . ئەگەر هونەرێك دەیەوێت  بەر بە کۆچی کۆمەلایەتی خەلك بگرێت  دەبێ ڕێز لە ئازادی نیشتەجێ بوون بگرێت و شەڕی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی کۆمەلگایەکی مەدەنی و ئینسانی بۆ خەلك بکات .

ئەو هونەرەی عەشق و خۆشەویستی و هەول و ئومێدی ئینسان بۆ ژیانێکی باشتر دەکاتە قوربانی تاجی سەر شانی دەسەلاتەکەی  ئیتر ئەوە هونەرێکی پێشڕەو نی یە  بەلکو هونەری خاوەن دەسەلات و هونەری سەپاندنی دەسەڵاتە .

سامان ئەحمەد

سەرەتای کانونی دووەمی 2003